# لەیادی کاك" ئارام" ی سەرکردەوخۆشەویست دا

**فەرەیدون حەمەڕەشید سویسرا**
30/1/2005
faraidun_73@hotmail.com

**دوای ئەوەی کوردستان لەگەمەیەکی ئیقلیمی وناوچەی دا,شکست بەبزوتنەوەسیاسەکەی هێنرا,نائومێدی و بێئرادەی باڵی بەسەرکوردستان وشۆڕشەکەیداکێشا,کەکاردانەوەی نێگەتیڤانەی کردەسەرشۆڕش وبزوتنەوەسیاسیەکانی پارچەکانی تری کوردستان,ڕژێمی ئەوکات کەبەعسیەکان بوون بەرەوترۆپکی هێزوتوانایی ئابووری دەچوو, پەیوەندیەئابووری ودیپلۆمات وسیاسیەکانیان,لەئاستی ناوچەی وجیهانیدابەجۆرێك ڕەنگ ڕێژو دەبردەپێشەوە,بەقازانجی ڕژێمی بەعس وبیری ناسونال ڤاشیزمی عەرەب بێت ,دەسەلاّتی ئەوکاتی بەعس ودووژمنانی ئازادی بانگەشەی نەمانی چالاکی سیاسی وئۆپۆزیسیۆنی کوردیان دەکرد,وجارِی ئۆتۆنۆمی کارتۆنیان بۆمیدیاکانی جیهان دەگواستەوە, لەگەرمەی ئەو ڕامان وبێئیرادەیەی بەسەرخەڵکی کوردستان ئەویسترا بسەپێندرێت, جۆرێکی تر لەشۆڕش ونمونەیەکی ترلەخەبات کەپێشڕەوانی بیری مارکسیزم هەوێنی بوون هاتەگۆڕ, کەکاك ئارام سیمبوڵی بوو, .کاك ئارامی هەمیشە ئارام وەك چۆن گیڤارا ڕەمزبوو بۆ بزوتنەوەئازادیخوا زەکانی جیهان,ئەویش ڕەمزبوە بۆهورەی پێشمەرگە و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان,ڕێچکەی خەباتی کاك ئارام بووە مەکتەبێکی فیکری وئایدۆلۆژی واکە توێژونەسلێکی بەرفراوان چ لەناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و چ لەگۆڕەپانی سیاسی کوردستان هەڵگری بن , بۆیە لەیادی بیست وحەوتساڵەی شەهیدی سەرکردە ئارامی خۆشەویستی کرێکاران وزەحمەتکێشان وسەرجەم ڕۆشنبیرانی دڵیان بۆ ئازادی وعەدالەتی کۆمەلاّیەتی لێدەدات وگشت خەڵکی کوردستان, یادێکی پڕشکۆوکەرنەڤاڵێکە بۆ شۆڕش ,بۆباوەڕبەخۆبوون و ئیرادەی شۆڕشگێڕانە, دووبارە سلاّو بۆ مەرگی کاك ئارامی سەرکردەوهەمیشە ئارام.................................**